Kurdistannet کوردستان نێت



# ڕۆشنبیری ئاینی

نوسینی/ د. محسن کدیور
وە/ بلال باسام

## ئاماژە:

ئەمڕۆ لە کۆمەڵگادا ڕووبەڕوی دیاردەیەك دەبنیەوە بەناوی ڕۆشنبیری ئاینی، ئـەم ڕۆشـنیری‌یە جـەخت لەسـەر بنـەماو مـافی پێشـینە دەكات بۆ مـرۆڤ و بـاوەڕی وایـە ئـاینیش دەبێـت ئـەم پرەنسـیپو ماكانـە بـەرەسمی بناسـێت، سـەرباری ئەمـەش، ئـەقڵ گەرایـە، چـۆن دەتوانـین ئـەم دیاردەیە هەڵبسەنگێنین؟ ئەمەی دەیخوێنینەوە وەڵامی د. محسن كدیور بۆ ئەم پرسیارە.

ڕۆشـنبیری گوتەزایـەكی نـوێو داهێـنراوە، لەپێناسـەیەكدا كــە بــۆ ڕۆشــنبیری دەخرێتــەڕوو دەتوانـین ئامـاژە بەسـێ ڕەگـەز بكـەین؛ كـە ئەگـەر ئـەم سـێ ڕەگـەزە لەهــەر كەسـێكدا هــەبوو دەتوانرێت بەڕۆشنبیر بدرێتە قەڵەم.

ڕەگەزی یەكەم ئەقلانیەت، ڕۆشنبیر بایەخێكی زۆر بەئەقڵ كـاری دەداتو ئەقلانیـەت تـەوەری كارەكـانی پێـك دێنێـت، ڕەگـەزی دووەم ئـازادی خـوازی؛ ئــەو نــاڕەزایی دەربڕینانــەی لەلایــەن ڕۆشـنبیرەوە لەبەرابـەر كۆتـەكانی سـەر ئازادی‌یەوە نیشـان دەدرێــن لەســەر هــەمان ڕەگــەزن، لەبەرئەوە ڕۆشنبیر ئـازادیخوازەو ویسـتی چەسـپاندنی مافـەكانی مرۆڤـی هەیـە، ڕەگـەزی سـێهەم ئەمەیە كەڕۆشنبیران بەگشتی كەسانی ریفۆرمخوازن دەتوانرێت ئـەم ریفـۆرم خوازی‌یـە تـا ئاسـتی كودەتایەكیش ببرێتە پێشەوە، هەمیشە ڕۆنشبیر لەگەڵ (واقیـع دا) نـەگونجاوەو یـەك ناگرێتـەوە، بــەڵام ئــەو لــەم سـنوری هەڵنــەكردنو نەگونجانــەدا نامێنێتــەوە، بــەڵكو (بــەردەوام بــەدوای ئەلتـەرناتیفێكی جێگـرەوەی بارودۆخ ئامـادەدا دەگـەڕێ) كاتێك پـەیوەندی ڕۆشـنبیر (بەوسـتی ڕەگەزی سەرەوە لەگەڵ ئایندا – بەتایبـەت لەكۆمەڵگـەی ئێمـەدا لەگـەڵ ئیسـلامدا – دەپێورێت مەسەلەكە كەمێك ئالۆزتر دەبێت.

لەبارەی ڕەگەزی یەكەمو دووەمەوە لەوانەیە ئەم پرسیارە سەرهەڵ بدات كـە ئایا لەبنـەڕەتدا ڕۆشنبیری لەگەڵ ئایندا دەگونجێت یاخود بەپێچەوانەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش بەئەرێو نـەرێ دراوەتەوە. هەندێك وتویانە ئەم دوانە پێكەوە ناگونجێنو ناتوانرێت پرۆژەی ئەقلانیەت بگەیەنرێتە ئاكام مەگەر تەنها لەكاتێكدا نەبێت كە بەرامبەر بەئاین (لا بشـرگ ولا اقتچـا) بێبـاك بـین، ئـەوەی سـەرنج ڕاكێشـە ئــەم وەڵامــە لەهــەمان كـاتدا لەلایـەن هــەندێك ڕۆشـنبیرو هــەروەها هــەندێك لەدیندارانەوە بەیان كراوە، بەدەربڕینێكی‌تر؛ دوو گروپ هەن كە بڕوایـان وایـە؛ ئـاینو ڕۆشـنبیری؛

ئاینو ئازادی؛ ئاینو ئەقلانیەت، پێکەوە ناتەبان، هەرکامیان قبوڵ بکرێت دەبێت دەست لەوی دیکە هەڵبگیرێت، هەندێك لەبرواداره تەقلیدیەکان فتوایان بەوەرگرتنی ئاینو دەست هەڵگرتن لەئازادیو رۆشنبیری داوە، لەبەرامبەر ئەمانەش دا دەستەیەك هەیە کەبروایان بەناتەبایی‌یان هەیە، بەلام رایان لەگەڵ وەرگرتنی ئازادیو رۆشنبیری دایە و پابەند نەبوون بەئاینەوە.

لەم میانەدا رەوتێکی‌تر هەیە کەوا دەزانم لەم نیوە سەدەی دواییەدا لەکۆمەڵگەی ئێمەدا بەخێرایی گەشەی کردوە، ئەم رەوتە بڕوای بەجۆرێك تەبایی هەیە لەنێوان ئاینو رۆشنبیری‌دا، یا ئاینو عەقلانیەت، یا ئاینو ئازادی‌دا، یاخود بەدەربڕینێکی گشتی‌تر نویێ کردنەوەو رەسەنایەتی هەیەو دەتوانرێت ئەم دوانە تەبا بکرێن،... بێگومان رادەی ئەم تەباییە لەنێو ئەم گروپەدا کە بەرۆشنبیرانی ئاینی ناوەزەد دەکرێن جیاوازی هەیە.

بەم پێشەکی‌یە دەتوانین پێناسەی رۆشنبیری ئاینی بکەین — لێرەدا مەبەستمان لەئاین ئیسلامە —، رۆشنبیری ئاییني رۆشنبیرێکە کە ئەو سێ رەگەزەی سەرەوە (عەقلانیەت، ئازادیخوازی، ریفۆرمیست)ی لەخۆگرتووە، بەلام بڕوای بەڕ'گەزی چوارەمیش هەیە واتە کەڵکەڵەی باوەڕداری، مەبەست لەکەڵکەڵەی باوەڕداری ئەمەیە کە ئەم رۆشنبیرە دەیەوێت؛ یەکەم: شوێن ئامانجەکانی ئاین بکەوێت، دووەم: پەرۆشی ئاینی هەیە، هەمیشە راو کردارەکانی دەخاتە بەر پێوەری ئاین، نەبادا کردارو گوفتارەکانی پێچەوانەی ئاین بن، وریایە نەوەك کارێکی حەرامی لێبوەشێتەوە، کەواتە کەڵکەڵەی بنەڕەتی رۆشنبیری ئاینی شوێن کەوتنی ئامانجەکانی ئاینو پێچەوانە نەبونی کردارو گوفتارەکانیەتی لەگەڵ ئایندا، لەنیوەی دوایی سەدەی رابوردودا کەسانێك لەکۆمەڵگەی ئێمەدا دەرکەوتن کە ئەم چوار رەگەزەیان لەخۆیاندا کۆکردبۆوە، ئەگەر بمانەوێت رۆشنبیری تا کۆتایی بەبێهیچ کۆسپو ئاستەنگێك درێژە پێبدەین، لەچەند حاڵەتێکدا لەگەڵ ئەم مەعریفە دینیەی کە هەیە دژایەتی دێتە کابەوە، هەروەك چۆن بمانەوێت مەعریفەی ئاینی هەبوو، بەهەموو پێداویستی‌یەکانی‌یەوە پەسەند بکەین، لەچەند حاڵەتێکدا لەگەڵ ئەقلانیەتو رۆشنبیری‌دا بەدژایەتی کۆتایی دێت، رۆشنبیری ئاینی لەهەردوو ناوچەکەدا گۆڕانکاری کردووە، واتە لەبازنەی رۆشنبیری‌دا گۆڕانکاری کردووەو قایل بووە بەچەند کۆتو بەندێك، هەروەها لەبازنەی مەعریفەی ئاینی‌دا هەسانی لەتێگەشتنی رابوردوی لەئاین داوەو شەنو کەوی کردووە، بەم شێوەیەیە کە توانیویەتی بەرۆشنبیرو ئاین دار بمێنێتەوە.

سەرنج بدەن من نەمگوت رۆشنبیری ئاینی لەکرۆکی ئاین دا گۆڕانکاری ئەنجام داوە، ئەمە لافی هەندێك لەوەی بەعینوانی فەرهەنگی ئاینی ناودەبرێت دابو نەریتی زۆر جێی خۆی کردۆتەوە، رۆشنبیری ئاینی لەپێگەی لەبێژنگ دانی ئەم دابو نەریتانەدایە لەرێنمایی ئاینی‌دا، ئەو لافی ئەوە لێدەدات ئەوەی لەکۆمەڵگادا وەك کلتوری ئاینی لەئارادایە بەتەواوی لەلایەن کیتابو سوننەتەوە نیە بەڵکو بەشێك لەکلتورە. لێهەڵێنجانی مرۆڤ گەلێکی کارتێکراو بەشوێنو کاتێکی تایبەتن کە وردە وردە وەك نەریتێکی ئاینی خراونەتەڕو، هەرچەندە لەوانەیە بەهیچ شێوەیەك رەگو ریشەو سەرچاوەی ئاینیان نەبێت.

لێرەدا دەمەوێت چەند ئاماژەیەك بەو لەبێژنگ دانـەی کەرۆشـنبیری ئـاینی لـەم دوو نـاوەندەدا (رۆشنبیریو مەعریفەی ئاینی) ئەنجامی داوەو ئەو گۆڕانکاری‌یانـەی لـەم دوو بازنەیـەدا کردویـەتی بکەم. ئایا رۆشنبیری ئاینی دەتوانێت ئەقلانیەت تا کۆتایی بباتە سەرو تا کۆتایی لەگەڵ پـرۆژەی ئازادیدا بەوەفا بێت! لەڕاستی‌دا ئـەم پرسـیارە؛ پرسـیارکردن لـەڕادەی پابەندیـەکانی رۆشـنبیری ئایینی بەپرۆژەی رۆشنبیری‌یەوە.

وەلامی من بۆ ئەم پرسـیارە ئەمەیـە کـە ئێمـە بەشـێکی تیـۆریو بەشـێکی کارەکیمـان هەیـە. رۆشنبیری ئایینی لەبەشی تیۆری‌دا بەدەر لەبیروباوەڕی کەسی‌و ئایینی خـۆی دەتوانێـت بێ‌سـنور دەربارەی هەموو شتێك توێژینەوەو بیرکردنەوەی هەبێت، بەدەربڕینێکی‌تر، لەبواری تیـۆری‌دا، بـۆ بڕوادار – چ رۆشنبیر چ نا رۆشنبیر –بـەو مەرجـەی زانـاو پسـپۆڕ بێت هیـچ سنورێك نیـە، لـەهیچ یەکێك لەدەقە ئایینی‌یـەکانی ئێمـەدا هیـچ سـنورێکی دیـاری‌کراو لـەبواری لێکۆڵینـەوەو تێڕامـان و بیرکردنەوەدا بەرچاو ناکەوێت، تەنانەت لەبواری خستنەڕوو بەیان کردن دا لەکۆڕە زانسـتی‌یەکانی ئێمەدا هیچ هێڵێکی سورمان بەڕووی ئاینی‌یەوە نیە. بەم واتایە کەسی پسپۆڕ دەتوانێـت بەرامبـەر بەهەموو ئاین بیر بکاتەوە: لەبارەی خودا؛ لەمەڕ سیفاتەکانی خودا، لەمەڕ بوون‌و نـەبوونی خـودا، لەمەڕ پێغەمبەرایەتی، خاتەمییەت (کۆتا پێغەمبەر) رۆژی دوایی‌و.. هتـد. پێشـینانی ئێمـە بیریـان لەم جۆرە بابەتانە کردۆتەوە، زۆرێك لەو بەڵگانەی رەتکەرەوانی بوونی خوا باسیان کردووە ئەمڕۆ لەکتێبە فەلسەفی‌و کەلامیەکانی ئێمەدا پارێزراون.

بـەم پـێیـە ئەگـەر مەبەسـت لەئەقلانیـەت رەوایـی رەخنەگـەری‌و توانـای رەخنـەگرتن‌و هەڵسـەنگاندنی هەمەلایەنـە لەهـەموو ئاسـتو بوارەکـان دا دەتوانـین بڵێـین پسـپۆڕو زانـا لەهـەر رشتەیەکدا دەتوانێت پەیڕەوی بکات، هیچ هێڵێکی سور بۆ زانا لەبیرکردنەوەدا بونی نی‌یە، ئەگـەر لەهەندێ ریوایەتدا بیرکردنەوە لەچەند بابەتێك رێی لـێ‌گیراوە، ئەم رێ لێگرتنە ئاڕاستەی کەسانی لاواز کراوە کە بناغەیەکی زانستی تۆکمەیان نیە لەعورفیش دا دەڵێـین ئەگـەر ئێـوە توخنـی فـلان بابەت نەکەون بۆ خۆتان باشترە، بەلام ئەگەر کەسێك توانـای زانسـتی شـیاوی هـەبێت دەتوانێت لەهـەر بابـەتێك بکۆڵێتـەوە سـەرباری ئەمـەش، کـاتێك ئـاینێك لـەخۆی دڵنیـا بێـت‌و گومـانی لەرێنمایی‌یەکانی خۆی‌دا نـەبێت‌و وا بزانێـت هەرکەسـێکی بـەویژدان ئەگـەر لەگـەڵ ئـەقڵی خـۆی‌دا خەڵوەت بکات بەو ئاکامە دەگات کە ئەو دینـە رێنمـایی بـۆ دەکـات، دەرفـەتی بـاس‌و توێژینـەوە بـەزانایان دەبەخشـێت، بـەم پـێیـە بـە بۆچونـی مـن ئەقلانیـەتی رەخنـەگری لـەبواری تیـۆری‌و هزرڤانی‌داو بۆ پسپۆڕەکان ئازادەو هیچ کۆت‌و بەندێکی نیە.

باسی ئازادی بەهەمان شێوە لەبواری تیۆری‌دا شیاوی لێدوانـەو لـەم زەمینەشـدا هیـچ گرفتێك نیە ئەم خاڵەش زیاد بکەین کە (خستنەڕوو)یش دەکەوێتە بازنەی توێژینەوەوە، واتـە کەسـی زانـا مـافی ئـەوەی هەیـە لـەکۆڕە زانسـتیەکاندا لەمـەڕ هـەر بابـەتێك – بـەئایینی‌و نـا ئایینی‌یـەوە – بـەڕەچاوکردنی بنـەمای زانسـتی بدوێت تاکـە مەرجـە، تـەنیا رەچـاوکردنی پێوەرەکـان‌و زمـانی زانستیە، بابەتێك دەمێنێتەوە، ئایا کێش کردنی ئەم جۆرە باس‌و خواسـانە بـۆ نێوەنـدی گشـتی، بەجۆرێك شارەزاو نەشارەزا دەربارەی قسە بکەن، شیاوە یان نا؟

دەربارەی ئەم بابەتە وەڵام ئەوەیە؛ ئاین چەند مەرجێکی باس کـردووە، هۆکـەش ئەوەیـە کـە مەبەسـتی ئـاین، هیدایـەت دانـی تـەواوی خەڵکـە و بـڕوای وایـە خسـتنەڕووی هـەندێك مەسـەلە ئەگەرچی لەنێوەندە شارەزاو پسپۆڕەکاندا زۆر پێویستیەو ئەگەر نێوە ئاینیو کەلامیەکانی ئێمە ئاوڕ لەو بابەتانە نەدەنەوە، ڕوبەڕوی کێشەی جدی دەبنەوەو توانای وەڵام دانـەوەو کەووشـەنیان لـیدادەڕنرێت، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی گونجاو لەکۆمەڵگادا نەخرێنـەڕوو پـەل بکوتنـە نێوەنـدە گشتییەکان کێشەیان لـیدەکەوێتەوە.

ئەگەر لەتێکستو ڕێنماییـە ئایینیـەکانی ئێمـەدا چەند کۆتێك لەمەڕ خستنەڕوی ئـەم جـۆرە بابەتە تیۆریانەوە هەیە، ئەم کۆتانە ئاڕاستەی نێوەندی گشتیو خستنەڕوی ئەم جۆرە تێزانەیە بۆ خەڵکی ڕەشۆکی بەو ڕادەیەی کۆمەڵگە گەشـە دەکـات، ئامـادەی چوونـە نـاو ئـەم جـۆرە باسـانە دەبێتو بەهەمان ڕێژە ئەم تێزانـەش وردە وردە لەکۆمـەڵگادا توانـای خسـتنەڕو بەدەسـت دێنـن، بەڵام سەرنج بدەن گوتم (توانای خستنەڕوو) بـەڵام ئایـا بەرژەوەندیـەك لەخسـتنەڕوی ئـەم جـۆرە بابەتانە لەنێوەندی گشتیدا هەیە مەسەلەیەکی دیکەیە.

خاڵێکی دیکەش هەیە، ئایا ئێمـە لـەپرۆژەی عەقڵانیـەت دا، عـەقڵ بەتەنـها سـەرچاوەی دەرك کردن دەزانین یا نەو؟

لەوەڵامدا دەڵێین کەئایندار چ ڕۆشنبیر بێت یان نارۆشنبیر لەسەر ئەم باوەڕە نیە کەعەقڵ تاکە سەرچاوەی دەركو داوەری کردن بێـت، ئێمـە سـەرچاوەیەکی بـاڵاترو بـەهێزتر لەعـەقڵمان هەیـە، عاریفەکان ئاماژە بەسەرچاوەیەك دەکەن ئایندارنیش بەسەرچاوەیەکیتر.

ئەگەر پرۆژەی عەقڵانیەت بـاوەڕی وابێـت لەهـەر مەسـەلەیەکدا عـەقڵ پیودانگـی کۆکردنـەوەو داوەریە، لەم حاڵەتەدا دەبێت بڵێین ئەم بۆچوونە ناتەواوەو ئەم پرۆژەیە تەنها بەشێك لەپێودانگی باس کردوە، لەبەرئەوە دەبێت باوەڕمان بەگەشەپێدان هەبێت.

ئەگـەر ئێمـە لەڕوانگـەی عیرفانیـەوە تەماشـای ئـەم بابەتـە بکـەین ئـەتوانین بڵێـین لەتـەك سەرچاوەی عەقڵیدا، سەرچاوەی (شهود) مان هەیە هەرچـەندە سـنوردارەو ڕێسـاکانی وەك ڕێسـا عەقڵیەکان گشتی نین بەڵام دەتوانێت لەو ناوچەی کە حوکـم ڕانـی تێـدا دەکـات، زۆر کاریگـەرترو بەهێزتر بێت، لەپانتایی سنوری عەقڵ.

هەڵبەتە ئەم ناوچەیە لەبەر دەستی هەمواندا نیەو تایبەتـە، ئـەوەی بـاوەڕدار قـامکی دەخاتـە سەرو لەگـەڵ ڕۆشـنبیریی نائـاینیدا لەبارەیـەوە تـێڕوانینێکی زۆر جیـاواز پـەیدا دەبێت، پەسـەند کردنی سەرچاوەیەکی باڵاتر لە عەقڵە (نەك ناعەقڵی).

ئەم سەرچاوە سەرو عەقڵیە (سروش)ە واتە (الوحی).

ئەگەر ڕۆشنبیری بەواتای ڕەت کردنەوەی هەرجۆرە سەرچاوەیەکی دەرك کردنی جگە لەعـەقڵ بێت، بێگومان ڕۆشنبیری ئاینی لەم زەمینەدا لەگەڵ دیگەراندا جیاوازیو مشتومڕێکی زۆر هەیە.

ئەمـەو ئـەو ڕەگـەزی چوارەمەیـە کەپێشـتر وتم (کەڵکەڵـەی بـاوەڕداری) دەبێت لەڕۆشـنبیری ئاینیدا هەبێت. واتای (کەڵکەڵەی ئاینداری ئەوەیە کە داوەرێك بەناوی وەحـی، بەڵگەیـەك بـەناوی

وەحیو سـەرچاوەیەك بـەناوی وەحـی، لەچـەند مەسـەلەیەكی تایبـەت دا ئامـادەگی راسـتەوخۆی هەیە.

قبولْ كردنی ئەم مەسەلەیە هەنگاوی یەكەمی ئایندارییە. بەم پێیە ئێمە سەرچاوەیەكی دیكـەی جگە لەعەقلْمان بۆ مەعریفەكانی خۆمـان هەیـە. ئـەم سـەرچاوەیەی سـەرو عـەقلْ بـالاتر لەعـەقلْی كۆمەلْی مرۆییو بالاتر لەعەقلْی كۆمەلْی مرۆیی مێژووییە. سەرباری ئەمەش داوەریەكانیش تایبـەت بەداوەری عەقلْ نین (بەعەقلْی كۆمەلْیو مێژوویيشـەوە) دینداریـی واتـە قـایل بـوون بـەم دووخالْـە لەبارەی سروشەوە. واتە ئێمە چاوگێكی میتاعەقلْیو هەروەها چـاوگێكی داوەری میتاعـەقلْی مـان هەیە.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەم خالانە دەبێت بلێم رۆشنبیریی ئاینی لەم ناوچەیەی پرۆژەی عەقلانیـەت دا گۆڕانكاری دەكاتو لەمەعریفەو داوەریەكاندا باوەڕی بەسەرچاوەیەكی دیكە هەیە.

هەرچەند هەروەك وتم، ئەم چاوگەش هەروەك چاوگی عـەقلْ رەخنـە وەردەگرێت، – هەلْبەتـە بەو مەرجانەی كەباسكران؛ مەرجی زانستی، لەلایەن پسپۆرانەوە بێت. بەواتایەكیتر بەوشێوە نیە كەسەرجەم رێنماییە سروشتیەكان، تەوقیفیو پەرستشی بن.

هـەندێكیان لەگـەلْ ژێـری مرۆڤـدا گونجـاونو بەشـێكی تریـان لەسـەرو عەقلْـەوەن. بـۆ نمونــە لەمەســەلەیەكی وەك رۆژی دوایــیدا بەتایبەتمــەندیو وردەكاریەكانیــەوە عــەقلْ توانـــای رەت كردنـەوەی نیـە، عـەقلْ تەنـها تـا سـنوری ئەگـەری بونـی رۆژی دوایـی دەرواتـە پێشـەوە بـەلام وردەكاریەكانی لەسەرو ئاستی داوەریی عەقلْەوەیەو دەبێت كۆمەكی لەوەحی بگیرێت.

لە بابەتە كردەییەكانیشدا ئـەم خالْـە شـیاوی قبـولْ كردنـە، واتـە، ئـەو جیـاوازی تێڕوانیانـەی كەرۆشنبیری ئاینی گەرەكە لەگەلْ كەسانی تردا بۆی دروست بێت ئەمەیە كە لەبواری پراكتیكیشدا ئەقلْ وا دەوری رەهـا نیـە، وەحـی لـەكرداری كەسـیو كۆمەلایـەتی ئێمـەدا حوكمو داوەری خـۆی هەیـەو دەتوانێـت شـتانێك حـەرام یـاواجب رابگەیـەنێت ئەگـەر ئـەم مەسـەلەیە پەسـەند بكـەین، رۆشنبیری ئاینی دەست پێدەكات.

لەمەسەلەی ئازادیشدا ئەمە مەرجە شیاوی خستنەڕووە، ئەگـەر مەبەسـت ئەمـە بێـت كەئێمـە ئازادینو هەرچی ئارەزومان لێی بێت ئەنجامی بدەینو ئەقلْی ئێمە وا دەخوازێت، دیندار بەیارمەتی چاوگی وەحی پانتایی ئازادی فـراوانو بـەر تەسـك دەكاتـەوە، فراوانـی دەكـات، چونكـە نـرخ بـۆ ئـازادیی مەعنـەوی دادەنێـت، ئـازادی مەعنـەوی لـەدەرەوەی بازنـەی دینداریـدا زۆر دەگمـەنو ئەستەمە، بـەلام بـەر تەسـك دەكاتـەوە، چونكـە لەپەیوەندیـە مرۆییـەكاندا سـەرباری رەزامـەندی مرۆڤەكان، رەزامـەندی خـوداش بەمـەرج دەگرێـت، لەبەرئـەوە هـەندێك لەئازادیـەكان وەك ئـازادی (سێكسی) سنوردارو دیسپلین دەكرێت. چاوگی وەحی لەئازادیدا كۆمەلْە مەرجێك پێویست دەكات كـە دەبـێ رەچـاو بكرێـن، بـەم پێیـە، رۆشـنبیری ئـاینی وادەخوازێـت كـە لەهەرسـێ توخمەكـەی عەقلانیەت، ئازادیو ریفۆمستیدا، رێنماییەكانی وەحی لەبەرچاو بگیرێت.

هەندێك گوتویانە پرۆژەی عەقلانیەت یان رۆشنبیری بەو جۆیە کۆتایی دێت کـەمرۆڤ تەنانـەت لەئایین‌و خوداش ئازاد بێت، ئەمە سنورێکە کەرۆشـنبیریی ئـاینی لـەپرۆژەی نـاوبراودا گۆڕانکـاری تێدا دەکات.

رۆشنبیری ئاینی رەهـایی لـەئایین بەوپـەڕی دیلێتـی دادەنێـت نـەك ترۆپکـی ئـازادی (مـن لـەو رۆژەوە کـە گـیرۆدەی تـۆ بـوم ئـازادم) ئـایین چـەند کاریگەریـەکی لـەژیاندا هەیـە کـەهیچ جێگرەوەیەکی بۆ چنگ ناکەوێت.

ئەگەر مرۆڤ دەسبەرداری ئایین ببێت لەژیانی کەسی‌و کۆمەلایەتیدا روبەڕوی چەندین کێشـەی گەورە دەبێتەوە؛ ژیانی خالّی لەمەعنەویەت‌و باوەڕ بەخوا بەڕاستی دەردێکی کوشـندەیە، ئـەوەی بەکورتی ئاماژەی پێکرا کە لەدەقـە ئاینیـەکاندا شـیاوی هـەلێنجان‌و گونجـاون لەگـەلّ رێنماییـە رەسەنەکانی ئایندا، هەرچەند پێدەچێت لەگەلّ ئەوەی بەکلتوری ئاینی باو ناوزەد دەکرێت ناتـەبا بێت.

سەرچاوە: رۆژنامە گۆڤاری نو ژ: